## سەفەر

سەفەری روحم

لەگەڵ وەرزی

زستانی بەفرانبار‌دا

دەست پێدەکا و

لەگەڵ وەرزی

دەست پێکردنی جەنگی

مان و نەماندا

کۆتایی دێ

بەڵام ئاخۆ کامە رەنگی

رەنگارەی رووح

وەکو جاران بەخۆشیەوە

سەمای ئێواران

دەست پێ دەکا

ئەگەر ماوەت بوو

لاپەڕەی فەرهەنگی رووح

یەکە یەکە بخوێنەوە

ئاخۆ کێ جارێکی تر

لەو سەفەرە دەگەڕێتەوە و

مژدەی سەرکەوتنی

بەسەر ئەهریمەنی

تەمەن لەگەڵ خۆیدا

بۆ خاپووری وڵاتەکەم

دەستنیشان دەکا

بلەرزێنە ئەو دەستانەی

خۆی لەگەڵ رووع رادەهێنێ

بلەرزێنە ئەو ژێ یانەی

لەگەڵ روحدا وازی دەکا

با جارێکی تر زیندووبیمەوە

لەگەڵ روحی بەفریناویت

کۆتایی بە سەمای ئێواران

بــــهـــــــێـــنـــــــم

بلەرزێنە چاوەکەم

بلەرزێنە روحەکەم .

فـــەهـــد گـــردەوانـــی